# بێهێزی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەرەوەی وڵات

خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەدوای رووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێران کەوتە پلە و قۆناخێکی دیەوە. ئەگەر شۆڕشەکانی پێشوو، سەرەرای هەر کەم و کوڕی و رەخنەیەک کە لەسەریان بێت، رەنگ و رووی ناوچەییان بوو و پەلیان تەنیا لە بەشێکی بەر تەسکی کوردستاندا بڵاو کردبووە. بەڵام ئەم جارە بە پێچەوانە، شۆڕشەکەی کوردستان نە تەنیا سەرتاسەری کوردستانی تەنییەوە بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەلی هێنایە ناو ئەم شوڕشەوە. ئەم جوڵانەوەیە ئەوەندەی کە لە ووزە و توانا دابوو بەربەرەکانێی لە گەل هێز و سیستەمی سەرکوتکەری رژیمی جنایەتکاری جمهووری ئیسلامی ئێراندا کرد. هەڵسوراوانی ناو شارەکان دەخرانە ناو بەندیخانەکان، ئەشکەنجە و ئیعدام دەکران چ بە تاک چ بە پۆل وەک ئیعدامی ٥٩ نەفەر لە شاری مەهاباد، خەڵکی دێهاتیان تەفروتونا دەکرد و کارەساتی لە چەشنی قارنێ و قەلاتانیان دەخولقاند کە دەیان ژن و منداڵی بێ تاوانیان خەڵتانی خوێن کرد. بە ناوی "پاکسازی" هەزاران نەفەر لە تێکۆشەران و یارمەتیدەرانی ئەم جولانەوەیە کە دامەزراوی ئیدارە دەولەتییەکان بوون لە سەر کار دەرکران، هەزاران بنەماڵەی پێشمەرگە تەنیا بە تاوانی ئەوەی کە کەسو کاری پێشمەرگەن زیندانی و یان لە شوینی کار و ژیانییان دوور خرانەوە و ئاوارەی دەرێی کوردستان کران هێزەی پیشمەرگە پاشەکشەی پێکرا و هاتە ناو سنوورەکانی دەستکرد لە کوردستانی باشوور کە هەمووی سوتێندراو و چۆل کرابوون.

سەرەرای هەموو ئەمانە بە هۆی ئەوە کە خەڵکی کوردستان بە گشتی لە گەڵ ئەم جولانەوە بوون و خۆیان بە بەشدار و شەریکی ئەم جولانەوە دەزانی، هیچ کات رژیمی ج.ا.ا نەیتوانی ئیرادەی قایمی خەڵکی کورد تێک بشکێنێت. ئاشکرایە تا ئەو کاتەی مافی نەتەوایەتی لە کورستاندا چارە سەر نەکرێت جولانەوەی جەماوەری لە شێوازی جۆراوجۆردا بو وەدێهێنانی ئەم مافانە درێژەی دەبێت و زەبری چەک و هێرشی چەکداری ناتوانێت پاشەکشێ بکات بە خەڵکی کورد لە ویست و داخوازییەکانیان.

کاتێک کە رژیم بە باشی هەستی بەمانە کرد، رووی کردە تێرۆر و رەشە کوژی لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەلات لە نا کوردستانی باشووردا کە لە ژێر چەنگی دیکتاتۆری سەدام حوسێن دا بوو. رژیمی جمهوری ئیسلامی پوڵ و پارەیەکی زۆری بۆ ئەم کارە تەرخان کرد. بەکرێگیراوان و سیخۆڕەکانی بە بیانووی جۆراوجۆر دەهاتنە ناو مەقەر و بنکەکانی هێزە سیاسییەکان، ژهریان دەکردە ناو خواردەمەنی مەقەرەکان و تێکۆشەرانی سیاسییان تێرۆر دەکرد. بۆ وێنە کاک سەدیقی کەمانگەر ئەندامی ناوەندی کۆمەڵە یەکێک لەم قوربانییانە بوو. لە ناو حیزبی دێمۆکراتیشدا چەند کەسێک کەوتنە بەر شالاوی ئەم ڕەشەکوژیانەوە. ئەم سیاسەتە تێرۆریستانەی رژیمی ج.ا نە تەنیا لە چوارچێوەی کوردستانی رۆژهەلات و باشووردا نەمایەوە بەلکوو تێرۆری لە دەرەوەی وڵاتیش سازماندا، کە دەتوانین بە تێرۆرەکانی ئوتریش و ئالمان و فرانسە و... ئاماژە بکرێت کە کەسانی وەک د.قاسملو و سادەقی شەرەفکەندی تێرۆر کران. ئەم تێرۆریسمەی ج.ا. یش کاریگەری ئەوتۆی لە سەر هەڵسوراوانی سیاسی نێو و دەرەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نەکرد.

لەولاشەوە رژیمی بەعسی ئێراقیش هاوکات دەستیدابووە کاول کردن و دووبارە چۆل کردنی شار و دێهاتی کوردستانی باشور وەک شاری قەلادزی و دەیان شارۆچکەی وەک سەنگەسەر و بومبارانی کیمییای شاری حەلەبجە و ئۆردوگای کۆمەڵە وکارەساتەکەی ئەنفال لە سالی ١٩٨٨ دا. بەم جورە زەخت و زۆر کەتبووە سەر مەقەرەکان و پێگەکانی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتوە. ئێرانیش پەیتا پەیتا لە کاتی شەری ئێران و ئێراق و دوای تەواو بوونی ئەم شەرەش پێگەکانی پێشمەرگەی بۆمباران و تۆپباران دەکرد.

راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە کوردستانی باشور لە دژی دەسەڵاتداری بەعسی ئێراق و تەفر و تونا کردنی هێزەکانی بەعسی و ئازاد بوونی کوردستان هیوایەکی تازەی لە نێو هەڵسوراوانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش وەدی هێنا.

**شەڕی ناو خۆیی کۆمەڵە و دیمۆکرات وئینشعاب لە ناو حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا**

شەڕ و پێکدانانی کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ایران(ح.د.ک.ا) هەر تاوێ لە شوێنێک سەری هەڵدەدا و دەکوژایەوە. کۆمەڵە بە گشتی سیاسەتی ئەوە بوو کە ئاڵۆزی نێوان خۆی و دیمۆکرات بە بەشداری خەڵکی ناوچەکە و نێونجی کردنی ئەوان چارەسەر بکات و بەر بە شەڕ بگرێت و ئەگەر هاتو شەر لە ناوچەیەک روویدا، شەرەکە هەر لە ناوچەکەدا راگرێت و بەرگری لە پەرەساندنی شەرەکە بۆ ناوچەکانیدی بکات. سەرەرای هەموو ئەمانە بەداخەوە شەڕی ناوخۆیی لە کوردستان، بە تایبەتی بە دوای هێرشی هێزەکانی حیزبی دیمۆکرات بۆ مەقەری پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە هەورامان، دەستی پێکرد. لێرەدا مەبەستم لێکدانەوەی ئەم شەڕانە نییە، بەڵکو دەمەوێت ئەوە نیشان دەم کە ئەم چەشنە گرش بوونانە لە یەکتر و شەڕی چەکداری و ناوخۆیی ئاکامی نابەدڵی بەدواوە بوو کە لەوانە دڵساردبوونەوەی خەڵکی کورد لە خەباتی سیاسی و چەکداری بەرانبەر بە رژیمی ج.ا، چەکدانان و بەجێ هێشتنی خەباتی چەکدارانە و پێگرتن و سەقامگیر بوونی بێ باوەرییەکی قوول لە نێوان هەڵسوراوانی سیاسی ناو کۆمەڵە و دیمۆکرات. کە ئاکامەکانی ئەم شەرانە هەر ئیستاش قورسایی زۆری هەیە لە سەر هەڵسوراوان و لایەنگرانی ئەم دوو لایەنە.

ح.د.ک.ا لە کۆنگرەی هەشتەمیدا لە ساڵی١٣٦٧ بوو بە دوو بەشەوە و یەکێک لەم بەشانە حیزبێکیان پێک هێنا بە ناوی « حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران،(رێبەرایەتی شۆڕشگێر) » و بەشەکەی دییان بە نێوی جەریانی«قاسملوو » دەناسرا.

ئاڵۆزی و ناکۆکی ئەم دوو بەشە لە کاتێکدا کە بەشی ناسراو بە جەریانی«قاسملو» باڵەکەیتری خستە ژێر هەرەشە، ناونیتکە و قسەی زۆر ناحەز، لە چەندین شۆێن ئاکامەکەی بوو بە شەڕ و پێکدانانی چەکدارانە. ئەم کەش و هەوایە چەند ساڵێکی خایاند و دوایە لە کۆنگرەی ١١دا دیسان ئەم دوو لایەنە یەکیان گرتەوە. سەرەرای هەموو ئەمانە ئەم دوو لایەنە هەر خۆشیان لە چاری یەکتر نەدەهات و نایات.

جەریانی ناسراو بە "کمونیسمی کارگری" کە خاوەنی بناخە فیکرییەکانی مەنسووری حیکمەت بوو، لەسەر دەمی توندوتیژییەکانی کوردستانی ئیراق، وەک کارەساتەکانی ئەنفال و بۆمبارانی کیمیایی حەلەبجە و هەرەس هێنانی وڵاتی سوڤیەت و ...، کەوتنە بیانوو گرتن بە خەباتی خەڵکی کورد لە ئێران بو چارەسەر کردنی مسەلەی نەتەوایەتی،کەوتنە دژایەتی نەتەنیا لە گەل حیزب و رێکخراوەکان بەڵکوو لە گەڵ هەر جوڵانەوە و بزاڤێک کە بۆ نەمانی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی خەباتی دەکرد. لەژێر ناوی خەبات لە دژی "ناسیونالیسم"ی کورد رێک و بە پانایی لە باری بیر کردنەوەدا کەوتنە پاڵ بیری ناسیونالیستی پان عەربی و پان ئێرانیستی. بۆچوونەکانی "کمونیسمی کارگری" ئاکامەکەی بوو بەوە کە بەشێکی بەر چاو لە هەڵسوراوانی ناو کۆمەڵە لە گەڵ ئەم جەریانە کەوتن و بارگ و بنەیان پێوەنا و بەرەو ئەوروپا هاتن، و ئیتر فریان بە مەسەلەی کوردەوە نەما کە هیچ، دژایەتی دەکەن لە گەڵ هەر مەسەلە و رووداوێک کە وشەی "کورد"ی پێوە بێت.

کۆمەڵەش چەند ساڵ لەوەپێش بە هۆی بێ ئاکامی تێکۆشانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ئاستی سەراسەریدا و ئەوەی کە ئەم حیزبە لە کوردستان بەدەر رەنگ و روویەکی پێوە نییە و کێشە لە سەر سنوری هەڵسوراویی ئاخۆ سەرانسەی ئێران یان کوردستان، بوو بە دوو بەشەوە. ئەو بەشەی کە لەم حیزبە جیا بووە، بە ناوی "کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران"ەوە کە نێوە لەمێژینەکەی کۆمەڵە بوو تێکۆشانی خۆی دەست پێ کرد. ئەم جیابونەوە، کە ئەو کات دڵەخورپێی خستە ناو دڵی ئەو لایەنانەی کە حەزیان بە لاواز بوونی کۆمەڵە نە دەکرد، نمونەی جیابونەویەکی "متمدنانە" و پێش کەوتنانە نەبو. ئاوڕدانەوەیەک بە نوسراوەکانی ئەو کاتی س.ک.ح.ک.ا(کۆمەڵە) و شێوەی هەڵوێستی ئەوان بەرانبەر بە جیاییەکان، تەقە کردن بە سەر مەقەرەکانی یەکتردا، ناوەرۆکی ئەم قسەیە زیاتر دەردەخا. شک لەوەدا نییە کە جیابونەوە لە نێو هەموو چەشنە گروپ و کۆڕ و حیزبێکی سیاسیدا ڕووداوێکی ئاساییە، بەڵام مەرج ئەوەیە هەڵسوکەوت بەرانبەر بەم ئینشعابانە چییە، کە جێی خۆیەتی کە لە کاتێکیدی لە سەر هەڵسوکەوت لە نێو حیزبەکاندا بەرانبەر بە ئینشعاب لێکۆلینەوە بکرێت.

# ڕێکخراوەیی لە دەرەوەی وڵات

لەوەدا هیچ شکێک نییە کە خەباتکاران و هەڵسوراوانی سیاسی لە هەندەران، سەرەرای هەر بناخەیەکی فیکری و ئایدولۆجی، جێگا و شوێنێکی تایبەتی و بەرچاویان بووە لە سەر خەباتی ناوەوە لە وڵاتدا لە هەموو پارچەکانی جیهاندا.

ئەگەر لە رابوردوودا هەندەران وەک "پشتیجبهە"یەک چاو لێدەکرا و بۆ ئەوە بوو کە خەباتی ناوەوە لە کوردستان بە ئاگاداری خەڵکانی دونیا بەگەیەنێت و هێز و پشتیوان بۆ خەباتەکە کۆ بکاتەوە، بەلام ئێستا بە هۆی ئینترنێتەوە ئیمکاناتی وەها خولقاوە کە تا چەند ساڵ لەمەوبەر لە مێشکی کەس‌دا نە دەگونجا. ئەگەر ژیانی ژنێک لە کوێرە دییەکی ئافریقا لەمەترسی‌دا بێت لە ماوەی چەند سەعاتێکدا خەبەرەکەی بە میلیون نەفەر لە چوارقوژنەی دونیا دەگات. ئێستا کە دامەزراندنی چەند کانالی تلویزیونیی بۆ کوردستانی رۆژهەلات لە ئارا دایە، ئەشی ئەم ئیمکانە بۆ هەڵسوراوانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات زیاتر بکات. لە راستیدا دەکرێت بڵێین کە دەرەوەی وڵات خۆی بۆ خۆی "جبهە"یەکە لە دژی ج.ا.ا و بۆ وەدەدست هێنانی مافە دێمۆکراتیکەکانی خەڵکی کورد. ئەگەر دەرەوەی وڵات وەک "پشتی جبهە"یەک تەماشا بکرێت ئەوکات چاوەروانییەکی ئەوتۆ لە خۆت و دانیشتوانی دەرەوە ناکەیت و بە خۆپیشاندانێکی بچکۆلەی هەر چەند ساڵ جارێک رازی و قانیع دەبیت.

ئەوە نابێت لە بیر بکرێت کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆری پەلەوی و ج.ا.ا مەجالی ئەوە نەدراوە کە خەڵک بۆ مەبەستی جۆراوجۆر و دڵخوازی خویان رێکخراوە پێک بینن و لە بەر ئەوەش ئەزموون و کلتووری رێکخستن و رێکخراوەیی لە ناو ئێرانی و کورددا لاواز و کزە.

ئەگەر لێرەدا بگەرێینەوە سەر کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(ح.ک.ا)، دەبێ ئەوە بلێم کە بە هۆێ ئەوە کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ح.ک.ا و سکرتاریای حیزب، کە لە ساڵەکانی ١٩٨٥ وە بەولاوە هاتنە ئەوروپا (کە گەڵاڵەی فیکری کۆمۆنیسمی کارگری‌یان دارشت)، بیروبۆچوونیان ئەوە بوو کە کۆمەڵە تەنیا مافی ئەوەی هەیە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی(نمایندگی کومەلە در خارج کشور) هەبێت لە دەرەوە و بەس. ئەوەی کە لە کوردستان‌وە دەهاتە دەرەوەی وڵات دەبوایە سەر بە رێکخراوی دەرەوەی ح.ک.ا.(تشکیلات خارج کشور ح.ک.ا) بن. چوون بەرەو رێکخراوێک کە بۆنی "کورد"ی پێوە بوو بڤە بوو. هەر لە بەر ئەوە ئەو کەسانەی لە ساڵەکانی ٩٠ وە روویان کردە دەرەوە و بە تایبەتی ئەروپا بێ ئەملا و ئەولا دەبوونە ئەندامی رێکخراوەی دەرەوەی وڵات. رێکخراوی دەرەوەی ح.ک.ا ئەرکی ئەوەی بۆ ئەندامانی خۆی دیاری کردبوو کە تێبکۆشن رێبەری جوڵانەوەی کرێکاری بۆ وێنە لە وڵاتانی وەک سوئد، کە بە بروای وان لە ژێر دەسەڵاتی ریفورمخوازان دابوو، دەبوایە دەربهێندرایە و هەڵسوراوانی کۆمەڵە کە هێشتا زمانی ئەم وڵاتەمان نەدەزانی و لە سیستەمی سیاسی و تەشکیلاتی ئەم وڵاتە و سەندیکا کرێکارییەکان بە قەد سەلکە تورێکمان نە دەزانی دەبوایە ئەم رێبەرییەمان بەدەستەوە گرتایە. راستەکەشی لە سەر ئەو بناغە فیکرییە کە سوسیالیسم وڵامدەرەوەی هەمو شتێکە و مەسەلە دێمۆکراتیکەکان لە سوسیالیزمدا چارەسەر دەکرێت ئەو جۆرەی کە پێویست بێت لە لایەن ئەندامان و هەڵسوراوانی ئەو کاتی کۆمەڵەوە حەول و تەقالایەکی ئەوتۆ نەدەدرا لە دژی ئەم بیر و بۆچوونە. مەبەستم ئەوەیە کە بۆ پێک هینانی رێکخراوە دێمۆکراتیکەکانی "کورد" لە چەشنی فیدراسیۆن، ئیتحادیە، کۆمەڵی هونەری یان کلتووری و شتی لەم بابەتە تێنەدەکۆشرا. جەریانی "کمونیسمی کارگری"یش لە حەق نەگوزەرێین ئەوەی کە لە دەستیان هاتووە و دێت لە دژی جولانەوەی حەقخوازانەی گەلی کورد کردویانە و هیچ دەرفەتێکیان بۆ ئەم کارە لە دەست نەداوە.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌یش، لە لایەکەوە هەر خەریکی گیروگرفتی ناوخۆیی بووە وە لە لایەکی تریشەوە هیچ کاتێک نە لەبیری ئەوەدایە کە بەرەو پێک هینانی ئەو جورە رێکخراوانە بچیت و بەرژەوەندیەک نابینێت بۆ ئەم مەبەستە.

## ئاکام و هۆیەکانی ئەم وەزعە چییە؟

بۆ ئەوەی وڵامێکی راستەقینە بەم پرسیارە بدەینەوە باس لە چەند رووداوی سیاسی دەکەم بۆ ڕۆشن کردنەوەی زیاتر.

**یەکەم:** راپەرینی هاوینی رابوردو لە شارەکانی کوردستانی ئێران کە سەراسەری کوردستانی گەرتە بەر، بەڵام بۆ بەهێز کردن و پشتیوانی کردن و ناساندنی ئەم ئاخێزە چی کرا لە دەرەوەی وڵات؟! ئەوەی لە سوئد ئاگادارم لە لایەن ریکخراوەکانی کۆمەڵەی ش.ز.ک.ا و حدکا و س.ک.ح.ک.ا(کۆمەڵە) خۆ پیشاندانێک کرا لە بەر دەم باڵویزخانەی ئێران کە ژومارەکەشیان زۆر بەر چاو نە بوو. بە ناشوکری نە بێت ئەمە یەکەم بانگەوازی هاوبەشی ئەم سێ ریکخراوە بوو لە سوئید و رێپێوانێکی لەم چەشنەش لە بروکسل پێتەختی بلژیک بەرێوە چووو.

پرسیار ئەوەیە ئایا بەراستی هێز و توانای کوردەکانی پەرەوازەی دەرەوەی وڵات هەر ئەوندەیە؟ هەڵسوراوانی سیاسی کە لە ئامریکا، ئەوروپا یان ئوسترالیا نیشتەجێن و ئەم چەند دێرە دەخوێننەوە لە چالاکی و تێکۆشانی خۆ بۆ پشتیوانی کردن لەم راپەرینە رازین؟ بەراستی پێمان وایە هەر ئەوندە دەکرا و دەگونجا کە ئەنجام درا؟ چاوەرێیی ئەوە ناکەم کە وڵامەکان پۆزیتیڤ بن.

**دووهەم:** رووداوەکانی ئەم رۆژانەی کوردستانی باکوور بوو کە بێ بەزەییانە خەڵکیان دایە بەر دەسرێژ و دەیان کەس گیانی شیرینی خۆیان لە دەستدا. کاتێک کە خۆ پیشاندانداران (نزیک بە دوو سەد کەسێک) لە شاری ستۆکهۆڵم(پێتەختی سوئد) لە دژی ئەم کردەوە دژی ئینسانییە کۆ بونەوە، یەکێک لە خۆپێشاندران کە خەریکی وتوویژ بو لە گەڵ تلویزیونی رۆژهەلات گوتی:" *تکایە رووی کامێراکە بکە خۆ پیشاندەران تا خەڵکی ئاگادار بن کە بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە جوولانەوەی شارەکانی کوردستانی باکوور تەنیا 2 سەد کەس کۆ دەبنەوە لە کاتێکدا ئەگەر حەفلە و هەڵپەرکێ بێت ٤٠٠٠ کەس کۆ دەبنەوە*". ئەم قسەیە زۆر جێگای سەرنجە.

**سێهەم** : پێشێل کردنی رۆژانەی سەرتاییترین مافەکانی مروڤ لە کوردستاندا و ئێران، وەک گرتن و زیندانی کردنی هەڵسوراوانی سیاسی، لە سێدارەدان و هەڵواسینی بەئاشکرا لە ناو شەقامەکاندا، سەنگەسار کردنی ژنان و زخت هێنانی زیاتر بۆ سەریان و سەدان شتیتر لەم بابەتە. ئەم کردەوانەی رژیمی ج.ا.ا وەها ئاسایی بۆتەوە کە لەوە دەچێت کە پێویست نەکات کە ئیمەمانان دانیشتووانی دەرەوەی وڵات لە دژی بەوەستین.

لێرەدا دەکرێت چەند نەتیجە وەربگرین:

١. هۆی هەموو ئەمانە نەبوونی بەرەیەکی یەکگرتووە بریتی لە حیزب و کەسایەتییە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات.

٢. هۆی هەموو ئەمانە نەبوونی رێکخراوە دیمۆکراتیکەکانە لە ناو کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا لە دەرەوەی وڵات.

٣. راپەرین و شورش لە ناوەوەی کوردستاندا دەکرێت و لە دەرەوەی وڵات هیچ ناکرێت. لە دەرەوەی وڵات "عنصر" ی شۆڕشگێر نا مێنێت و...

٤. لە دەرەوەی وڵات شتێکی ئەوتۆ ناکرێت.

من قسەیەکم لە گەڵ ئەو کەسانەی کە وەک خالەکانی ٣ و ٤ بیر دەکەنەوە نییە و بە قەرای نووکە دەرزییەک لە گەڵیان نیم. بەلام ئەو کەسانەی بیر و بۆچوونیان وەک خالی ١ و ٢ وایە، ئەشی قۆلی بۆ هەڵماڵن بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە، تا ئەو جێگایەی کە دەگونجێت، پڕکرێنەوە . ئەوە ئەرکی سەر شانی ئەو کسایەتی و تێکۆشەرە سیاسییانەیە کە هەست بەم بۆشاییە دەکەن.

## بۆ ئەم ئەرکە لە دەرەوەی وڵات چی بکرێت؟

هەبوونی حیزب و حیزبایەتی لە کوردستان بێشک هەنگاوێکی بەپێش و روو لەپێشە، لە هەمان کاتدا تاکەحیزبی دیکتاتۆرێت و سەرکوتی بەدواوەیە و هیچیدی. پلورالیسمی سیاسی و حورمەتدانان بۆ بیر و بۆچونی جیاواز و دەربرینی ئەم بیر و بۆچونە لە هەر کۆمەڵگایەکدا تاقە مەرجی هاوژینیی سیاسی مروڤ و

ڕێکخراوە سیاسییەکانە. بەڵام بە داخەوە بەهۆی نەبوونی کەشوهەوایەکەی لەم چەشنە لە کوردستان، پەلامار بردن بۆ چەک بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتی ناوخۆیی، بوونی حیزب و ڕێکخراوەکان بە هیزی چەکداری سیاسی جۆرێک کەش و هەوای سیاسی پێک دێنێت کە لە تەک دێمۆکراسیدا تەبایی نییە و نایبێت. هەر بۆیە هەمیشە مەترسی شەڕی ناوخۆیی باڵی بە سەر ئەم کەش و هەوایەدا کێشاوە. ئینسانەکان و بنەماڵەکان، دێهاتەکان و شارەکان دەکرێن بە دوژمن بەرانبەر بە یەکتر، بەبێ ئەوەی "منطق"یکی قووڵی لە پشت بێت. ئەگەر لە کەش و هەوایەکی سیاسی ئەم چەشنەدا پەروەردە بوویت، مەعلوم و ئاشکرایە کە دانووت لە گەڵ هی کەس ناکوڵێت. ئەوەی وەک تۆ بیر نەکاتەوە لە خۆتی نازانی و یان بە دۆستی خۆتی نازانی و مەحەلی دانانێی. ڕەخنە گرتنی سیاسی بە دوژمنایەتی شەخسی، حیزبی و عەشیرەتی دەژمێردرێت، خودا نەکات ڕخنە لە بەرپرس و یان ڕێکخراوەیەک بگرێت، تازە بە نەحلەت دەچی و ... و بەم جورە چەندبەرەکییەکی "کاذب" و درویین ساز دەکرێت و دایمەن بە چاک و خراپ پەرەی پێ دەدرێت.

ئیستا کە باسەکە لە سەر دەرەوەی وڵاتە لێرەوە باس دەکەم کە لە وڵاتانی ئەوروپا خەڵکی ئەم وڵاتانە هەر کامیان لانی کەم ئەندامی چەندین کۆر و کۆمەڵ و گروپی جۆراوجۆرن و لە ناویاندا هەلسوراون. زۆر گونجاو و ئاساییە کە ئەندامی حیزبێک بیت و لەهەمانکاتدا لە تەک چەندین کۆر و کۆمەڵ و ڕێکخراویدی دابیت بۆ وێنە وەک ڕێکخراوی: پاراستنی مافی منالان، پاراستنی مافی ژنان، پاراستنی ژینگە، یارمەتی بە وڵاتانی هەژاری ئافریقا، دژی ئعتیاد، پاراستنی کلتوور و هتد.

ئەوەی کە مەبەستی منە ئەوەیە کە هۆی سەرەکی کزی و لاوازی و پەرەم پەرەم بوونی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە دەرەوەی وڵات ئەوەیە کە هیچ چەشنە ئۆرگانێکی گشتی نییە تا خەبات و چالاکی لە دەرەوەی وڵات بۆ ئامانجێکی تایبەت و دیاریکراو ڕێک بخات و سازمانی بدات. هەر یەک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەستی بە ئەندامان و لایەنگرانی خۆی دەگات و یان تەنیا بەشێکی بەر تەسک لەو هێز و قووەتە دەتوانێت کۆ بکاتەوە و نوێنەرییان بکات. جێگای ئۆرگانێکی گشتی لە ژیر ناوی " ئیتحادیە"، " بەرەرەی هەڵسوراوانی دەرەوەی وڵات "، " فیدراسیۆن" یان هەر شتێکی لەم بابەتە کە بتوانێت ئەم هێزە گەورەیە لە دەرەوەی وڵات ڕێک و وەگەڕ بخات بۆ مەبەستی پەرەدان و بەهێز کردنی جوڵانەوەی دێمۆکراتیک و حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و پشتیوانی کردن لە جوڵانەوە دێمۆکراتیکەکان لە پارچەکانیدی کوردستان خالییە. دەردی ئیمە لێرەدایە و هۆی سەرەکی بەمە دەزانم یانی نەبوونی چەترێک کە ئەم هێزە بە خاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

دوو کار پێویستە لێرەدا بکرێ:

١. لە خوارەوە و لە ناو شارەکاندا لە دەرەوەی وڵات تێبکۆشرێت بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێک لە شوێنی کار و ژیاندا. جا دەکرێت ناوی بنێین " کۆڕ"، "کلووب"، "یانە"، "یەکیەتی" ...

٢. لە سەرەوە تێبکۆشرێت بۆ پێکهێنانی فیدراسیۆن یان ئەنجومەنی وڵات بۆ وێنە وەک فدراسیونی کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لە وڵاتی سوئد، ئالمان، ئامریکا و ....

ئەندامان و هەڵسوراوانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەتوانن لەم کۆڕانەدا هەبن وئەمە دژایەتی لە گەل هیچ پرنسیپێکی حیزبی نییە. هەر بەبۆنەی ئەوە کە لەم کۆڕانەدا بیر و بۆچوونی جیاوازی تێدا هەیە لە ئاکامدا ئەم کۆڕانە بە دژی هیچیەک لە حیزب و گروپە سیاسییەکانی کوردستان ئیش ناکەن. ئاشکرایە کە کەس بۆی نییە کە بەری ڕخنەی سیاسی بگرێت.

ئەم کۆڕە لە سەر بناخەیەکی دێمۆکراتیک کە باوەری بە ڕێکخستن و ئازادی و مافی دەر برینی بیر و باوەر هەیە، کە بیر و باوەرە جیاوازەکان لە کۆمەلگایەکی پێشکەوتوودا دەتوانن لە پالیەکدا بژین بێ ئەوەی مافی یەکترین پێشێل بکەن پێک دێت. ئەرکەکانی ئەم کۆڕە لە لایەن ئەندامەکانییەوە دیاری و پەسەند دەکرێت. کۆڕ شوێنێکە بۆ تاقی کردنەوەی خۆمان تا بزانین چەندە دێمۆکرات و ئازادیخوازین و چلۆن پشتگیری خۆمان لە

جولانەوەی خەڵکی کورد بۆ لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و وەدەست هینانی مافە دێمۆکراتیکەکان نیشان دەدەین.
رەنگە هێندێک کەس پێیان وابێت کە پێکهێنانی کۆر و کۆمەڵی لەم چەشنە خەیاڵپڵاوە و شتیوا گونجاو نییە. وڵامی من ئەوەیە کە زەین و بیری ئێمە دانیشتوانی دەرەوەی وڵات لە ماوەی چەند ساڵی ربوردودا وەک هەموو دیاردەیەکیدی ئاڵوگۆڕی بە سەردا هاتووە. ئەگەر لە رابوردودا حەول و تەقالا بۆ پێک هینانی ئەم جۆرە کۆڕانە نەکراوە و یان کراوە و سەری نەگرتووە بە مانای ئەوە نییە کە چۆک دادەین بۆ وەزعی مەوجود و بە وەزعی ئیستا رازی بین. لە تەنیشت خۆماندا میللەتانیتر دەبینین کە چلۆن دەیان کۆر و کومەڵ و فیدراسیۆنی سەراسەرییان پێکهێناوە. ئەمانە چییان لە ئیمە زیاترە و یان ئێمە چمان لەوانە کەمترە. ئەزموونی هێزە سیاسییەکان و خەڵکی کوردستانی باشوور بۆ ئیمەش بۆتە دەرسێک کە پێش ئەوەی زەخت و فشاری هەل ومەرجەکان ئیمە بەرەوە پێک هینانی بەرەیەک بەرێت، بۆخۆمان بە شێوەیەکی زانستانە و وریایانە لە سەر پلاتفۆرم و بناخەیەکی کارلەسەر کراوی هاوبەش بەرەوە پێکهێنانی بەرەیەکی یەک گرتووی کوردستان بریتی لە حیزب و رێکخراوە و کەسایەتییە سیاسییەکان هەنگاو هەڵێنین. ئاخۆ کەی حیزبە سیاسییەکانی هەلسوراو لە کوردستانی رۆژهەڵات لە قۆرەدەماخی دەست هەڵدەگرن و بۆ ئەم کارە بە بێ بیانوو گرتن قۆڵیان هەڵدەمالن.

**روانینی دوورتر و دوورنواری**

لاوانی کوردیش لە دەرەوەی وڵات لە ژێرسایەی سەری ئەم وەزعەدا هەلسوراوییەکی ئەوتۆیان نییە. رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات " کۆری لاوانی" سەر بە خۆیان هەیە کە هێزێکی وایان بە بەرەوە نییە. منالان و لاوانی کورد دایمو دەرهەم لە نێو دوو کلتووردا( کلتوری خۆیی و کلتووری وڵاتێک کە لێ نیشتەجێن) لە جۆلانییەدان کە زۆر جار دەبێتە هۆی خۆیی نەناسی و بێ هوویەتی و ئالۆزی فیکرییان. باشترین حالەت ئەوەیە کە هەم کلتوورە باشەکانی کورد و هەم کلتورە باشەکانی ئەو وڵاتەی لێی دەژین بە خۆیانەوە گرن و نەریت و باوی کۆنی کۆمەڵایەتی کوردی و لاوەکی وەلاوە نێن و لێی دوور کەون. بەڵام بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری لاوانی کوردی کوردستانی رۆژهەڵات لە دەرەوە سەبارت بە تاریخ و مێژوی کورد، وێژە و ئەدبیاتی، جوغرافیاکەی، زمان و هونەرەکەی و هتد بێگانە و ناشارەزان و ئەوەش ناگرێتەوە سەر ئەستۆی ئەوان. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە بەم وەزعە رازین و ئەوزاع هەر بەم چەشنەی تا ئیستا هاتووە هەروا درێژەی هەبێت؟ ئەم منالانەی کە ئیستا ساوان و یان لێرە لەدایک دەبن ئەشی هەر ئەم چارەنووسەیان هەبێت؟ یان ئەوەی دەبێ کارێک بکرێت بۆ ئەم وەزعە؟ ئەو کەسانەی وا ئاوا بیر دەکەنەوە بیریان لە کام رێگا چارە کردۆتەوە. ئیمامی زەمانێک لە گۆڕیدا نییە تا ئەم وەزعە بگۆڕی بەلکۆ هەر بە دەستی خۆمان دەبێ ئەو دەردە سارێژ بکرێت.
مەسەلەیەکیدی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە فیدراسیۆنەکانی وڵاتەکان(هەلبەت ئەگەر حەوڵ و تەقالای پێکهێنانی بدرێت) دەتوانن پێوندی چڕوپڕیان هەبێت لەگەڵ بەرەی یەکگرتووی کوردستانی رۆژهەڵات کە بێگومان لە داهاتودا پێک دێت. چاوەروانی ئەوە دەکرێت کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بە بەرژەوەندی چارەسەر کردنی مافی نەتەوایەتی خەڵکی کورد، بە روانینێکی پان و بەرینتر لە قازانجی حیزبەکەی خۆیان وپارێز کردن لە بیانووی رێژە و شتی لەم بابەتە بۆ ئەم مەبەستە هەنگاو هەڵێنن.
**قسەی ئاخر**: پێک هێنانی ئەم جۆرە کۆڕ و کۆمەڵانە گونجاو و عەمەلییە بەو مەرجەی بە دڵئاوالەیی و هەست بە مەسئولییەتەوە بۆ گیروگرفت و تەنگ و چەڵەمەکە بروانین. ئەم کۆرانە دەتوانن و بۆیان هەیە کە کەش و هەوایەکی سیاسی نوێ پێک بێنن کە شەڕی ناوخۆیی و مەترسی ئەو شەڕە لە داهاتوو و کوردستانێکی ئازاددا کەم و کەمتر بکاتەوە.

هاشم رەزایی ١٦ آوریل ٢٠٠٦ hashem٩١@hotmail.com